بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده ، و الصلاه والسلام على من لا نبي بعده . . . .

و بعد :

بۆ دەبێ نوێژ بکەین ؟ پرسیارێکە و حەق وایە هەموو موسڵمانێك وەڵامەکەی بزانێت .

بۆ دەبێ نوێژ بکەین ؟ چونکە فەرمانی پەروەردگارە و دەبێ بێ یەك و دوو جێبەجێی بکەین هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت :﴿ حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ ﴾ ( البقرة : ٢٣٨ ) واتە : پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن .

بۆ دەبێ نوێژ بکەین ؟ چونکە نوێژکردنمان شایەتی دانە بەوەی ئیمانداری هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ قُل لِّعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ يُقِيمُواْ الصَّلاَةَ ﴾ ( إبراهيم : ٣١ ) واتە : بەو بەندانەم بڵێ کە باوەڕیان هێناوە نوێژەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن .

دەبێ نوێژ بکەین : چونکە خوای پەروەردگار دروستی کردووین بۆ ئەوەی بیپەرستین هەروەك ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( الذاريات : ٥٦ ) واتە : من جنۆکە و مرۆڤم دروست کردوە تەنها بۆ ئەوەی کە بە تەنهایی بمپەرستن .

دەبێ نوێژ بکەین : چونکە تاوانمان زۆرە و بە نوێژ کردن خوا لێمان خۆش ئەبێ ، وە بۆ ئەوەی لە خۆشبەختی بژین هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : (........ ومن حافظ عليهن عاش بخير ومات بخير وكان من ذنوبه كيوم ولدته امه ) صحيح الترغيب والترهيب (١٩٤)

واتە : هەر کەسێك پارێزگاری لە نوێژە فەرزەکان بکات و بە جەماعەت بیان کات ئەوە بێگومان بە خۆشی و شادی دەژێت ، وە بە خۆشی و شادی دەمرێت ، وە لە تاوان و گوناه پاك دەبێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی کە لە دایك بووە .

بۆ دەبێت نوێژ بکەین ؟ بۆ ئەوەی چاکە و کردەوەکانی ترمان قبوڵ بێ ، چونکە ئەگەر نوێژ نەکەین هیچ کردەوەیەکی ترمان قبوڵ



ناکرێ و لێمان وەرناگیرێ هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة الصلاة فإن صلحت صلح سائر عمله وإن فسدت فسد سائر عمله ) صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير برقم : ٢٥٧٣ واتە : یەکەم شتێك کە لەڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی بەندەی موسڵمانی لەسەر بکرێت نوێژە جا ئەگەر نوێژەکانی باش بوو ئەوا پەرستشەکانی تری باش دەبێت وە ئەگەر نوێژەکانی خراپ بوون ئەوا پەرستشەکانی تریشی خراپ دەبن )

بۆ دەبێت نوێژ بکەین ؟ بۆ ئەوەی خۆمان لە بێ باوەڕی بپارێزین کە بۆ تاهەتایە لە دۆزەخدا ئەمانهێڵێتەوە هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : بين الرجل وبين الشرك و الكفر ترك الصلاة . واتە : جیاکەرەوەی مرۆڤ لە هاوەڵ بڕیاردان و کوفر نوێژکردنە .

ئەمەش مانای وایە کە یەکێك لە جیاکەرەوەکانی موسڵمان لەبێ باوەڕان نوێژکردنە ، بۆ ئەوەیە دەبێ نوێژبکەین . بۆچی گاور و خاچ پەرستەکان دەست لەدین و نوێژی خۆیان هەڵناگرن ؟ بۆ ئێمە دەست لەم ئاینە پاك و بێگەردە هەڵبگرین ؟ قەت لەخۆت پرسیوە ؟

بۆدەبێ نوێژ بکەین ؟ بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار ڕەحممان پێ بکات هەروەك ئەفەرموێت ﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ ( النور : ٥٦ ) واتە : ئەی ئیمانداران نوێژی کامڵ بکەن و بەشێك لە داراییتان بەناوی زەکاتەوە ببەخشن و لە پەیامبەریش فەرمان بەرداری و گوێڕایەڵی بکەن تا بەڵکو بەر ڕەحمەت و بەر سۆزی خوا بکەون .

بۆدەبێ نوێژ بکەین ؟ چونکە دوایەمین وەسیەتی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات وەك فەرمویەتی : أتقوا الله في الصلاة ..... السلسلة الصحيحة ٨٦٨ واتە (لەخوا بترسن لەنوێژەکانتان)

دەبێ نوێژ بکەین بۆئەوەی بچینە ڕیزی ئەوانەی پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴾ ( النمل : ٣ ) واتە : ئەوانەی کە بە ڕێك و پێکی



نوێژەکانیان ئەنجام ئەدەن و لەماڵ و سامانیان زەکات ئەدەن و لەهەمان کاتیشدا یەقینیان بەڕۆژی دوایی هەیە .

بۆ دەبێ نوێژ بکەین ؟ چونکە لە ڕۆژی قیامەت جێگای هەموو نوێژ نەکەرێك سەقەرە .

هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ * قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴾ ( المدثر ٤٢ — ٤٣ )

واتە : وە پێیان ئەڵێن ئەوە چی بوو ئێوەی بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ کرد وا ئێستا ئەو سزا سەختە ئەچێژن، ئەوانیش لەوەڵامدا ئەڵێن : ئێمە لەنوێژگەران نەبوین بۆ پەروەرگامان ) .

. بەڵام موسڵمانی بەڕێز ئەوەش بزانە وازهێنان لەنوێژکردن یان بەباشی ئەنجامنەدانی و لە کۆڵ کردنەوەی و کەمتەرخەمی کردن لە ئەنجامدانی جیاوازی یەکی ئەوتۆی نی یە لەگەڵ هەرگیز نەکردنی چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ } {الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ (الماعون : ٤ — ٥ ) واتە (ئینجا سزای سەخت بۆ نوێژ خوێنەکان ئەوانەی لەنوێژەکانیاندا غافڵ و بێ ئاگان : واتە بەدڵ نوێژەکانیان ناکەن و لەماناو مەبەستەکەی بیرناکەنەوە لەپێش چاو خەڵك دەیکەن بەڵام ئەگەر هەرخۆیان بەتەنها بن نوێژەکانیان بە باشی و لەکاتی خۆی ناکەن ) .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :

... من حافظ عليها — أي الصلاة — كانت له نورا وبرهانا يوم القيامة ، ومن لم يحافظ عليها لم يكن له نور ولا برهان ، ولا نجاة ، وكان يوم القيامة مع قارون وفرعون وهامان وأبي بن خلف " ( صححه العلامة الألباني في صحيح مشكاة المصابيح ، برقم : ٥٧٨ ) .

واتە : ئەو کەسەی کە پارێزگاریان لە سەر بکات . مەبەستی نوێژەکانە . ئەوا ڕووناکی و بەڵگەن بۆی لە ڕۆژی دواییدا ، و ئەو کەسەش کە پارێزگاریان لە سەر نەکات ، نە ڕووناکین بۆی و نەش بەڵگەن ، ڕزگاریشی ناکەن ، وە لە ڕۆژی دواییشدا لە دۆزەخدا لەگەڵ قارون ، و فیرعەون ، و هامان ، و ئوبەیی کوڕی خەلەفدایە . خوای پەروەردگار پەنامان بدات . !!!

وە ئایا دەزانیت نوێژکردن کلیلی هەموو چاکە و خێرێکە ؟ بە نەکردنی هەموو ئەو چاکانەی نوێژت لە دەست دەچێت ؟!! زانای پایە بەرز (ابن القـیم) بە ڕەحمەت بێت فەرمویەتی : نوێژ : بەدەست هێنەری ڕۆزیە ، وپارێزەری تەندرووستیە ، و دوورخەرەوەی ئازارە ، پاڵنەری نەخۆشیەکانە ، پتەوکەری دڵەکانە ، وڕووناک کەرەوەی ڕوومەتە ، وئاسوودەکاری دەروونە ، و نەهێڵەری سستیە ، و بە گڕخەری ئەندامەکانە ، بەردەوام کاری تواناکانە ، و فراوانکاری سینگ و خۆراکدەری دەروونە ، و ڕووناک کەرەوەی دڵە ، و پارێزەری نیعمەتەکانی خوای پەروەردگارە ، پاڵنەری ناهەمواریەکانە ، بە دەست هێنەری بەرەکەتە ، و دوورخەرەرەوەیە لە شەیتان ، و نزیکەرەوەیە لە خوای پەروەردگار .... نهێنی ئەوەش ئەوەیە کە نوێژ پەیوەندیە لە گەڵ خوای پەروەردگار ، وە بە پێی ئەو پەیوەندیەی نێوان بەندە و پەروەردگاری ، دەرگاکانی چاکە و خێری بۆ دەکرێتەوە ، و هۆکارەکانی خراپەی لێ دەبڕدرێت ، و لە لایەن خوای پەروەردگارەوە یارمەتی و سەرکەوتنی بە سەردا دەرێژدرێت ، لە گەڵ سەلامەتی و صیحەت و دەسکەوت و دەوڵەمەندی و ئارامی و نیعمەت و خۆشی .. هتد )

زۆر بە کورتی : بۆ دەبێ نوێژ بکەین ؟ لەهەموی گرنگ تر جێ بەجێ کردنی فەرمانی پەروەردگارە ، بە ئەنجامدانی پەروەردگار لە خۆمان ڕازی ئەکەین . دەزانی ڕازی بونی پەروەردگار لێمان مانای چیە ؟ واتە بەدەست هێنانی بەهەشت ، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ، أُوْلَئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُكْرَمُونَ ﴾ ( المعارج : ٣٥ ـ ٣٤ )

واتە : ئەوانەی پارێزگاری دەکەن لە نوێژەکانیان، ئەوانە لەناو باخچەکانی بەهەشتەکانن ڕێزیان لێ دەگیرێ

ئایە تۆ بەندەیەکی صاڵحانی ؟ دەسا بە نوێژ کردن بیسەلمێنە بۆ ئەوەی بچیتە ئەو بەهەشتەوە کە پەروەردگار بۆ بەندە چاکەکانی دروستی کردوە .



جا برای لاو ، و خوشکی بە حیشمەت : بیرێك لەم ووتانە بکەرەوە ، و بڕیار بدە کە ئایا دوای بیستنی ئەم ووتانە بڕیار دەدەی کە نوێژەکانت بە باشی و لەکاتی خۆی بکەی ، یان هێشتا دەڵێت ڕانەچەڵەکیوە ؟!!

وە زۆر ئایەت و فەرمودوی تر هەیە سەبارەت بەنوێژکردن و نوێژگەران بەڵام گەریەکێك بەدوای ڕاستی دا بگەڕێ ئایەتێکی بەسە گەر خۆیشی لەڕاستی بشارێتەوە هەموو قورئان بکە بەڵگە بۆی داوای بەلگەی تر دەکات .

بۆیە کە نوێژیش ئەکی نوێژێك بکە ببێتە هۆی سەرفرازیت لە ڕۆژی قیامەت هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت ﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ـ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ﴾ ( المؤمنون : ١ ـ ٢ )

واتە: بەڕاستی خەڵکانی خاوەن باوەڕ و بڕوادار سەرکەوتو و سەرفراز و ڕزگارن چونکە خاوەنی ئەم سیفەتە بەرزانەن کە پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێ ئەوانەن کە لەنوێژەکانیاندا خۆ شکێن و ملکەچن و هەردەم بەترسەوە نوێژ ئەکەن و بەرامبەر بەخوا ئەهلی شەرمن .

دەسا کاتێك نوێژ ئەکەی بەم شێوەبە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردوین وەك ئەفەرموێت : صلي صلاة مودع . واتە : کەنوێژ دەکەیت باوەکونوێژی ماڵئاوایی کەرێك بێت کە دوای ئەو نوێژە بمرێت)

جابرای موسڵمان ئێستا خۆت دواڕۆژی نوێژگەر و نوێژنەگەرت زانی خۆت بڕیار بدەو ئۆباڵت لەڕۆژی دوایی بەئەستۆی خۆت

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ



ماڵپەڕی بەهەشت www.ba8.org

# بۆچی نوێژ بکەین ؟

ئامادەکردنی

**هاوار عبدالله**

پێداچونەوەی

**مامۆستا عدنان بارام**

www.ba8.org